# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خۆی بشۆردایە بە هۆی لەشگران بوونیەوە (غوسڵی بکردایە)، سەرەتا دەستی دەشۆرد پاشا دەستنوێژی دەکرد وەکو شێوازی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ (پاشان خۆی دەشۆرد (غوسڵی دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر خۆی بشۆردایە بە هۆی لەشگران بوونیەوە (غوسڵی بکردایە)، سەرەتا دەستی دەشۆرد پاشا دەستنوێژی دەکرد وەکو شێوازی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ پاشان خۆی دەشۆرد (غوسڵی دەکرد)، پاشان پەنجە تەڕەکانی دەهێنا بە ناو قژیدا، هەتا دڵنیا دەبوو کە پێستی هەمووی تەڕ بووە، سێ جار ئاوی دەکرد بە سەریدا (قژیدا)، پاشان هەموو لاشەی دەشۆرد، وعائیشە دەیووت: من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە یەک تەشت خۆمان دەشۆرد، هەردووکمان ئاومان لێی دەردەهێنا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی خۆشۆردنی (غوسڵی) پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات کاتێک بیویستایە خۆی بشوات لە پاش لەشگرانی، سەرەتا دەستەکانی دەشۆرد بۆ ئەوەی پاک بن کاتێک دەیەوێت ئاو بهێنێت، وپاش ئەوە دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژگرتنی بۆ نوێژکردن، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مووی زۆر بوو (ڕیشی وقژی)؛ دەستی تەڕ دەکرد ودەیهێنایە نێو مووەکانی هەتا دڵنیا دەبوو کە هەموو مووەکانی تەڕ کردووە وئاو گەیشتووە بە پێستی ژێرەوەی مووەکانی قژ وریشی، پاش ئەمە سێجار ئاوی دەکرد بە سەریدا وپاشان هەموو لاشەی دەشۆرد. لەگەڵ ئەم غوسڵە تەواو وکامڵەش؛ ئەوا تەنها یەک سەتڵ (تەشت) ئاو بەس بوو بۆ ئەوەی خۆی وعائیشە ئاوی لێ دەربهێنن بۆ خۆشۆردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3316